یەکەم ساڵوەگەڕی:

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەبییە؛ نها.

ژمارە ٤٣

٢١ی بەفرانباری ٢٧١٨



**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

شەرمین ساڵحی
خەدیجە جاوید
ناسر فەتحی
ڕەحمان جەنگ
فەرهاد ساڵەحی‌فەر
موحسین سوبحانی
بیژەن ڕەحمانی

**وێنەی ڕووبەرگ:**

Timo Frey

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٢٤ ...

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین، ناسر فەتحی

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- **چیرۆکی کارگەیی**
- **بەتامی چیرۆک**

- **ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

**٢١ی بەفرانباری ٢٧١٨**

**ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم**

## پیرۆزبایی

خوێنەرانی بەڕێزی چیرۆکەڵە، ئەمڕۆ ساڵڕۆژی بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی چیرۆکەڵەیە و بەم بۆنەیەوە دوای ساڵێک کارکردن پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی هێژا و نووسەرانی بەڕێزی چیرۆکەڵە دەکەین. لەم ماوەیەدا کە چیرۆکەڵە بڵاو بووەتەوە بەخۆشحاڵییەوە لەڕێگای پێوەندیی بەشێک لە ئێوەی خوێنەرەوە ئاگار کراوینەتەوە کە چیرۆکەڵە خوازیاری زۆرە و سەرەڕای ئەوەی بڵاوکراوەیەکی تەواو ئیلکترۆنییە، لەنێو گۆڤار و بڵاوکراوە ئەدەبییەکاندا جێگایەکی شیاوی بۆخۆی تەرخان کردووە.

چیرۆکەڵە یەکەم حەفتەنامەی کوردییە کە تایبەت کراوە بە چیرۆکی مینیماڵ (چیرۆکەڵە) و ئەم یەکەم بوونەش بۆخۆی شانازییەکی مێژووییە بۆ ئەوکەسانەی کە بەرهەمەکانیان تێیدا بڵاو بووەتەوە و بڵاو دەبێتەوە.

سەبارەت بە کەموکوڕییەکانی چیرۆکەڵە، هەم خۆمان ئاگاداری بەشێکیانین، هەم لەڕێگای بەردەنگەکانمانەوە لە بەشێکیان ئاگادار کراوینەتەوە؛ بەڵام ئەگەر دەبینن هێندێک لەو کەموکوڕییانە هێشتا وەک خۆیان ماونەتەوە و چارەسەر نەکراون، هی ئەوەیە وزەی مرۆیی و ئامادەکاریی ئەم حەفتەنامەیە هەر دەرەقەتی ئەوەندە هاتووە و هۆکارەکەشی ئەوەیە چیرۆکەڵە بەشێوەی خۆبەخشانە بەڕێوە دەچێ و بەڕێوەبەرەکانی لەوە زیاتر ناتوانن کاتی بۆ تەرخان بکەن. دەنا ئێمەش دەزانین کە زمان و داڕشتنی چیرۆکەکان پێویستیی بە هەڵەبڕ و زمانەوان هەیە و، دەزانین کە وێنەکان پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە ناوەرۆکی چیرۆکەکانەوە نییە. بەو تێبینییەوە کە وێنەکانمان هەمیشە جۆرێک هەڵبژاردووە کە ناوەرۆکی وێنەکان چیرۆکی وێنەیی بۆ بەردەنگ بگێڕنەوە؛ واتە ئێمە لەپەنای چیرۆکە نووسراوەکان هەموو ژمارەیەک کۆمەڵێک چیرۆکی ترمان بە وێنە بۆ گێڕاونەتەوە.

وەک دوا وتە، بەهۆی ئەوەی ماوەیەک چیرۆکەڵە بەهێندێک هۆکارەوە بە ناڕێکی بڵاوبووەوە، داوای لێبووردنتان لێ دەکەین.

جارێکی دیکە ساڵڕۆژی لەدایک بوونی چیرۆکەڵە لە هەموولایەک بەتایبەتی لە دنیای ئەدەبی کوردی پیرۆز دەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ هەموولایەک بەئاوات دەخوازین.

ئامادەکارانی چیرۆکەڵە

## ئاورینگی هەڵامەت"

قومێکی لە چایەکە دا و نێوچاوانی گرژ کرد؛ نەیتوانی بیخواتەوە. چۆوە سەر جێگاوبانەکەی. تامێکی تاڵی لە سەر زمان و ئاڵۆشێکی نائاسایی لەبن مەڵاشووی هەست پێدەکرد. بەسەر لێفەکە دا، پتۆیەکیشی بەسەر خۆی دادابوو؛ کەچی لەبن هەر دووکیان، وەک مێوژۆکە هەڵدەلەرزی . بۆنی ئەڵکۆڵ تەواو، ژوورەکەی داتەنیبوو؛ بەڵام ئەو لووتی پڕ بوو. وڵات دەتکوت ئاشە، ئاوی کەوتووە! دەنگی سەرەکەترییەکە، کە لەسەر کوورەکەی دانابوو، لەگەڵ کوڵینی ئاوەکە، بێدەنگی ژوورەکەی شکاند. دەڵێی تووشی هەڵامەت بوون، دوای هەر خواردنەوەیەک، بە بەژنی دووراوە! خرتەی کلیلێک، لەودیوی دەرگاوە هات. لەگەڵ کرانەوەی دەرگا، جندۆکەیەک وەژوور کەوت. حەبێکی کۆدێئینی پێدا و تا بەیانی وانەی ئاگری پێ گوتەوە!

✍ بیژەن ڕەحمانی



📷 Catarina Carvalho


"

## "خەزەڵی نەورۆز"

هەموو ساڵێک لەم وەرزەدا، لەگەڵ یەکەم شنەی ساڵ و بە دەم یەکەم کولیلکەوە دەستیان دەکرد بە ناوکەن و پەرتاوتنی دارەکان. هەتا خاڵۆ ئەسکەر بەو پشتە کۆمەڕ و دەستە لەرزۆک و قاچە کەنفتانەیەوە بەرەیەکی هەتا نیوە دەبرد و دوو پابێڵی لێ دەدا فەریادی تەنیاباڵ بەو شان و پیل و باهۆ بە هێزەوە بەرەی خۆی تەواو کردبوو و لە ڕیزێکیتردا دەستی پێدەکردەوە. ئەم بەیانیە بە جامانە شێواوەکەی و بەو ڕیشە سپیەوە، پێش ئەوەی دەست پێ بکا بە ناو ڕیزی گوێزەکاندا تێپەڕی و دوای ئەوەی ئاوەکەی بۆ باخەکۆرپەکەی داشکاند هەڵگەڕا بەرەو هەسێرەکە و ڕیزی دار هەنارەکانی سەرەوە. بێڵەکەی دەستی لە عەرز چەقاندبوو و دەستە بێڵەکەی بە شێوەیەک لە کۆش گرتبوو و پاڵی پێوە دابوو لە شەڕڤانێک دەچوو دوای شەڕێکی قورس چەکی هەڵپەساردبێ:

- تۆ و فەریاد بە ڕۆژێک لە دایک بوون. هەر دووکتان بەرهەمی ژیانی من بوون. هەرچی ئێوە گەشەتان دەکرد من شاگەشکە دەبووم. زۆر سەختە لام ئەمڕۆ لە چلەی فەریاددا هاتووم تۆ بپاچم، دار هەنارە نەورۆزییەکە!

**✍ موحسین سوبحانی**



📷 Antonio Pensiero

## "سەرخۆش"

لە ناو تەم و هەڵمی ئەو گردە ڕووتانەدا تەنیا خرمەی لم و کەوەڵەی ژێر پێی هیراد بوو دەنگی دەدایەوە. لە بەرزەخێکی ئەبەدی دەچوو لەمێژەیە کەس ڕێی لێی نەکەوتبێ. کەلاوەیەک لەو قەدپاڵەدا وەکوو زیپکەییەک بە عەرزدا دیار بوو. نا، ماڵێک نەبوو لە چەقی شارێکی پڕ لە ژاوە و حەشیمەتەوە. کەلاوەیەک بوو دوور لە شار کە تەنیا یەک دوو دیواری بە سەر یەکەوە مابوو.بەشی زۆری دارەڕای میچەکە وەک بۆ ڕیشکی خۆیان بگەڕێنەوە دایاندابۆوە و هەرچی خاکەبان بوو لە ناو یەکچاوەکەدا بڵاو ببوەوە. ئەو بەردانەی لە دیوار ترازابوون وەک غەریبیی ئەو شاخ و کانە بکەن لێی هاتوون پرژابوونە دەورووبەری ماڵە کاگڵییەکەوە. سواخی ئەو دیوارانەی هێشتا بە پێوە مابوون بۆنی تۆزی زەمانێکی دووریان لێدەهات. ڕەنگە هەر کەسی دی بێرەدا تێپەڕیبایە بۆنی ڕیقنەی کوندی ناو ئەو داروپەردووەی بگەیشتبایە لووتی. بەڵام هیراد لە ناو ئەو ماڵە ڕووخاوەدا بەرامەی نانی سەر ساجی دایکی ئەژنەفت. هێشتاش شڵەقەی مەشکەی بەیانیانی خوشکە گەورەکەی دەهاتە گوێ. تۆزی ڕان و زرینگەی زەنگۆڵەی ئەو مێگەلەی هەست پێ دەکرد ئێواران بە لای ماڵە تەراکەی ئەماندا تێدەپەڕین و لە پشت ئەو کەوەڵەی تەنیشتیانەوە دەگەڕانەوە بۆ گوند. هەرا و هۆریای برا گەورەکانی کە لە کارەوانی و گاوانی ئەگەڕانەوە ئێستاش بەو شاخ و گردانەدا دەنگی دەدایەوە. خۆی و خوشکە دوانەکەی بە چەکمەیەکی کورتی پینە و داخ کراوەوە دەدیت بەو پێدەشتانەدا تێشوویان بۆ باوکیان دەبرد. نا..نا.. ئەو یەکچاوە نەبوو لە سەرپەڕی گوندێکدا کە لە ناو ئەو گرد و کەوەڵانەدا ڕۆژ بە ژاوەی دانیشتوانی و شەوانیش بە گڕی فانۆسەکانی دەناسرا. تاقە ژوورێک بوو لە سووچی ژێرزەمینی پارکینگێکی شێداری باڵەخانەیەکی دوازدە نهۆمی شارێکی قەرەباڵغی تاراوگەدا. هیراد؛ جار جارێ سەری بەرز دەکردەوە و چاوێکی بە ژوورەکەدا دەگێڕا و لە ناو دیواری ڕووت و چەند کەل و پەلی پرژاو و لە گۆشەی لای ڕاستی پەنجەرەکەدا کە ترووسکەیەکی لەو ڕووناکییە کزەی پارکینگەکەی دەگواستەوە بۆ ژورەکە، ئەو کچە موو بۆرە ئورووپایەی ئەدی کە جل و بەرگەکەی مترێک ئەولاتر کەوتوون و ڕووت و قووت لەسەر قەنەفە کۆنەکە خەوتووە و شەکەتی شەوێکی درێژ دەرئەکات. هەمیسان سەری دادەنەواند و مژێک لەوەی پێشدەمی و مژێکی لە بیرەوەری ئەدا و نوقم لە ناو دووکەڵی سیخ و مەخەڵەکەی بەردەستی، لەگەڵ ئەو هاڵاوەدا ئەڕواتەوە ئەو ڕۆژانەی ئەوسای گوند. کەچی هەر کەلاوەیکی تاک و تەرا لە دەرەوەی گوندێکی کاولبوو دەبینێ!

✍ **موحسین سوبحانی**



Patrick Kubacki

## "بۆنی گوڵە وەنەوشەکان"

چەپکە وەنەوشەیەکی وشک کراو لە تەنیشت ئاوێنەی تۆز لێکەوتووی سەر تاقەکە هەڵواسرابوو ، پەردەی ژوورەکە جاروبار بە کزەی با لادەدرا و شەماڵێکی فێنک خۆی بە تەواوی ژورەکەدا دەکرد لەم بێدەنگی نیوەشەوەدا تەنیا چرکە چرکی کاتژمێری سەر دیوارەکە بوو کە ساتەکانی بە هێمنی بەڕێ دەکرد بەرانبەری تاقەکە ژنێک لە ناو جێگادا بە چەشنێک نووستبوو دەت کوت ساڵهایە مردوە تەنانەت دەنگی هەناسەشی نەدەهات، قورعانێکی بچوک لە تەنیشت سەرینی خەوەکەی و نووشتویەکی پێچراو لە پەڕۆیەکی سەوز کە بە درزیلەیەک لە سوچی شانی کەراسەکەی درابوو،ژنێکی نووستوو کە چەند مانگ بوو زیاتر وەک مرۆڤێکی کاغەزی لە ناو چیرۆکی دوایین گێڕانەوەکانی ئەم ماڵەدا دەژیا!

لە دیوەکەی تەنیشتی ئەم دیوە دا بە پێچەوانە چرای ژوورەکە هیشتا نەکوژابۆوە و پیاوێک تەواوی دڵتنگیەکانی خۆی لوول دەدایە دوکەڵی جگەرەکەی،لەگەڵ هەر هەناسەکێشانێک دا هەزار و یەک بیر بە مێشکیدا دەهات تەواوی خۆی لەو کاتەی ڕا کە بیرەوەریەکان لە زەینی مرۆڤ دا دەمیننەوە دەور دەکردەوە و لە کۆتایشدا دەهاتەوە سەر خانەی یەکەم ، بزەیەکی تاڵی دەکرد..

دەزانی گیانە ئەم گوڵە وەنەوشانە لە دەسپێکی بەهار دا لە ماوەیەکی کورت لەدەم جۆگەکان دێنەدەر من هەمیشە شەیدای بۆنیانم ئەوەی کە من و تۆ لەگەڵ هاتنی وەنەوشەکان بەیەک گەیشتین وای کرد وەنەوشەکان زیاتر لە پێشوو خوشەویست بن لەلام، دەی وەنەوشەکان عومریان کەمترە لە گوڵەکانی تر بەڵام بۆنیان تا دەسپیکی بەهارێکی تر هەمیشە دەمێنیتەوە ئاخێکی قووڵتر لە هەموو ئاخەکانی تری هەڵکێشا و گوێی بە دیوارەکەوە نووساند وەک سێبەریکی وشک بووی دەمەوە و ئێواران...

...

کە مەلافەکەی سەر دەم و چاوی لابرد پێش ئەوەی پەردەی ژوورەکە بکێشێت شتێک سەرنجی ڕاکێشا چەپکێک وەنەوشەی تازە لە ناو پەرداخە ئاوەکەی سەر مێزی تەنیشت تەختەکەی بزەیەکی شیرینتر لەهەموو ساتەکانی ژیانی کەوتە سەر لێوی بە پەلە پەردەی ژوورەکەی لادا لە حەساری نەخۆشخانەکەدا بە دوای شتێک دەگەڕا.. چەپکە وەنەوشەکانی لە نێو ئاوەکە دەر هێنان و بۆنێک تا دوایین مەودای سیەکانی بڵاو بۆوە ، لەبەر ئاوێنەی سەر کاسە دەستشۆریەکە چاوێکی لە خۆی کرد دەستێکی بەسەر سەرە لووسەکەی دا هێنا ئەوەندە مەستی

بۆنی وەنەوشەکان ببوو کە بەتاڵی جێگای مەمکی چەپی کە لێکرابۆوەش نەیتوانی خەمۆکی ڕۆژەکانی پێشووی لە ناو چاوەکانی دا دوپات کاتەوە خاولیە بچووکەکەی ناو دەستی وەک گڕۆڵەیەک کۆکردەوە و لە ناو سوتیانەکەی پێچا مەمکەکانی وەک جاران قوت بگرە قوتتریش دەهاتنە بەرچاو ئاوی ناو گوڵە وەنەوشەکانی گۆڕی و چاوێکی لەسەر کاتژمێری سەر دیواری ژوورەکە کرد بزەیەک و چاوێک لە دەرگا..

✍ فەرهاد ساڵەحیفەر



📷 S. A. Rees

## "ئەوینی نەزۆک"

تەواو وەرەقەکانم نەدابوویە؛ گوتی: حوکم پیکە.

حەریفە پاڵدەستەکەم کە پێکەنی، ددانە خوراوەکانی وەدیار دەکەوت. ئاگام لێبوو لە بنەوە چاوی لە ڕەفیقەکەی داگرت. "بەتەما نیم شوو بکەم" ناخۆشترین ڕستەیە کە لە ژیانم دا بیستوومە. چۆن ماڵی دڵمی کاول کرد؟! لە ماوەی ئەو چوار ساڵە دا ئەوە دەهەمین بیانوو بوو؛ پێی گرتم و کۆڵم نەدا و گرفتەکەم مەیسەر کرد. من چووزانم لە ئاکام دا "بەتەما نیم شوو بکەم" لە جێی خۆم دا دەمچوخسێنێ! جێگا نەمابێ و بیستودوو سەعات لە بووفەی ئوتوبووس دا، تەنیا بەو هیوایەی، پێش دەستپێکی تێرمی تازە، جارێکی دیکەی ببینم! دڵم بەوە خۆش بوو لە بندەستم دا، تەکی دڵم پێیە. قەولم بە مەنسوور دا بوو کە بێتوو ئامین بەڵێنی زەماوەندم پێبدا؛ پێکەوە شووشەیەک هەڵگرین و لەسەر ناڵەشکێنە بیخۆینەوە. دەستیان بۆ نەهات. خەریک بوو؛ شڵتاقمان پێبکا. دەیکوت تەکی دڵەکەت بۆخۆت داناوە. گوتم: حەزێ دەکەی ئەو جار کە پاڵدەست بووی؛ بە جێی ڕەفیقەکەت، بیدەم بەخۆت، بۆڕی لێدەی؟!

- حەزم لە تۆیە لە تۆ، دینت دەگێم ئامین چاوجوان!

- دەبێ لە دایک و باوکت جودا بییەوە؛ جا شووت پێدەکەم.

سێ دەستمان لەسەریەک بۆ هات. لەسەر زگنەکردن، مێردەکەی تەڵاقی دا. بوومە حاکم؛ حوکم دڵە! ددانە خوراوەکانی حەریفەکەم لێ ون بوو.

✍بیژەن ڕەحمانی


## "گڕکان"

یان سەرم زۆر قورسە، یان ملم کز بووە.

نابێ نا، نابێ هەر هیچ شتێک بە مێشکم دابێت. هەمووی هەر سەرشێتم دەکەن. با چاوم ببەستم، گوێم بئاخنم. دەستم وەهەر شتێک کەوێت شتێکی دیکەم دێتەوە بیر، دەبێ نەجووڵێمەوە. ناتوانم لە گەڵ خۆم ساغ ببمەوە و، پێم دەڵێن لە هەموان ڕاستگۆترم، دەبێ لە من زل درۆتر ئەوانە بن. سەرما ڕەقم دەکات، ناشهێڵێت بخەوم. نا، نە کورەم دەوێ و، نەپەتۆ. دەس لە هیچ نادەم، چاو لە هیچ ناکەم، و چ نابیسم. ئەگەر دەمخوێند و، دادەمەزرام، یان کارێکم... نانا!! دەبێ تەنیا شتێک وا بیری لێ دەکەمەوە، بیر نەکردنەوە بێت. ڕابردوو تێکم دەدات، چش لە هەر چلساڵەکەی. ئەو ڕەشاییە لەبەر چاوم لانەچێت هەروا دەبم. نا نەمردووم، هەناسەم دێت، دڵم لێدەدات. ئەوێ ساڵێش نەمردی، تۆ دەتوانی نە زیندوو بی و، نەشمری. لە کەس نەچووم و، ناشچم. ڕەق هەڵنایەم، هەرچی قەرز و، قەبز و، چەکە نازانم چین. نایهێنمە بەر چاوم دەستێک لە سەر قوڕ قوڕۆچکە و، نابیسم دەنگی جنێو بێتەگوێم. ناااا نااا من و، پاڕانەوە!. با هەناسەیەک هەڵمژم، هاا. هەناسەی زیاتر، درێژتر، لەوەش زیاتر؛ زۆر دوور و، درێژ. با زیاتر بێت. نا نەبوو. جارێکی دی، هاااااا، دەبێ هەناسەم هێند درێژ بێت، لە نێوان هەناسەیەکدا خەوم لێکەوتبێت. دەی ئەوە سەرم هەڵگرتووە، لەو شاخانەم، لەو شارانەم؛ بۆ بە تەنیام! نیوەی خەڵک وەک منە. ئەشکەوت بۆ، ڕێک دەکەوین، دێینە سەر شەقام هاوار دەکەین. خۆ هەموومان ناکووژن، بۆ مەگەر ئێمە چیمان دەوێت!. ئەرێ، هاوین بوایە زۆر باشتر بوو، لە سەر سەربان چاوم لە ئەستێرەکان دەبڕی و دەمبژاردن. ئەو شتانەی فڕیان بە سەر چەند و چوونی ژینەوە نییە، تێشیان فکرم سەرم نایداتە ژان. لەگەڵ منداڵان زۆر ڕادەکشاین و، دەمان بژاردن، بەشمان دەکرد؛ لەسەریان لێمان دەبوو بەشەڕ. بۆ نا، لە سەر سەربانم، هاوینە و هەموو ئەستێرەکان لە بەر چاومن. هەمووی بە جارێک نابژێردرێت. وەک پڕتەقاڵ چوار قاشی دەکەم، هەر قاشێکی بە جیا دەبژێرم. یەک، دوو، سی و حەوت، هەشتا و نۆ، سەت و شاز... چاوم بتروکێنم لێم تێک دەچێت. لە شانسی من بە دوور نییە ئێستا پەڵە هەورێک، هەر نەبێ با ئەو قاشەیان تەواو کەم. ئەو دار چنارە، بەرچاوی گرتووم. با دار چناری لێ نەبێت. ئاوا زۆر باشە، هەمووی دیارە. یانی ئاسمان هەر ئەوەندەیە!. بۆ نەبمە یەکەم کەس وا هەموو ئەستێرەکانی دوونیای بە چاو بژاردووە؟!!!. ئەرێ. ئەگەر ئێستا ئەو وێنەیەم بۆ هاتبایەتە سەر قاقەزێک، بە قەڵەمێکی ڕەش، نا قەڵەمێکی سوور هەموویانم دەبژارد. جا نێوم دەر دەکرد، ئاخر ئاوا دەبوو بە گزە.

کوڕە جا نێوبانگم بۆ چییە. هەموو گیانم داوێتە خورین، ئەرێ ئەوە چیبوو بە لاقم دا هەڵگەڕا!!. منداڵەکان نەخەوتوون؟ بڵێی بۆ سبەینێ چیمان بوێ، لەماڵێ. گاز و برق زۆر لێک دەچن، بەڵام قەبزی ئاو شینە. دەڵێم هەر لەو سەربانە نەچمە خوارێ. لێرە زۆر باشم. نێو دەریاش خراب نییە. بچمە دوکتۆر بڵێم چی!! نا، نایهەوێ. ئەوەتا سیغارێک دامدەمرکێنێت. دەچمە سەرحەد. قاچاغی دەکەم، تۆ! تۆ و قاچاغی؟. ئەویش شووشە ویسکی!. بۆ نا، دەیکەم، زەنگ بۆ ماڵێش لێدەدەم. ماڵ و منداڵ، بێ من! ئەرێ ئەوە وەک بێ پووڵیی نییە، بێ منی چ نییە، هەڵدەکەن. ئاخر دەم کووژن، خەمی خۆم نییە. دەنا، چەند مانگ بۆ ماشێن، چەند ساڵ بۆ خانوو، دوایی دەهاتمەوە. ئەگەر پێش ئەوەی لە دایک بم، چەند ساڵم کارم کردبا، ئێستا وا بەژین قەرز دار نەبووم. یانی، دە وای لێ دێ ئیدی. یانی ئەوانە دایکیان، هەر لە ماڵی باوکی...!. زۆر لەو پۆشتە و تەسبێح درێژانەش، ڕەنگە هەر ئاوا بن. ئێستا تفەنگێکت نەبێت. جا دووربێینێکی پێوە بێت، هەر وەک دەنکە تۆو هەڵیان بژێری. جا بیان بەیە سەر ئەو نووچکی کێوە. لەو وەختانەدا شیعرەکانم سینگ بە گوللەوە دەنێن. ئەوانەی دی، چۆن وا بە سەر لار و لەشدا هەڵدەڵێن!!! ڕەنگە ڕێک لەو وەختانە دا یەکەم کەس، مژی لە توتن دابێت. بۆنە سووتاوێکی سەیر دێت. ناکرێ، نا، نابێت. لێرە هەر تاوە و؛ شتێک داگیرم دەکات. لە خۆمەوە ناچم. باش وایە هەڵفڕم، هەتا لای خۆم گیر نەبم. نا دەریاشیان وەکوو ئاسمان دابەش کردووە. نا، نابێ نا. چۆن لە نێو خاکێک دەمرم ئەوانەی لێ بن. بیست و چوار لق، بیست و پێنـ..، بیست و شە..، نا،کەمە. پڕ بەودیوە، هەر کەمە. پڕ بەو شارە، نایهەوێ. پڕ بەمێشکم، خۆیەتی؛ شەمچە دەکڕم.

✍ ڕەحمان جەنگ



📷 Gustav Willeit

## "دیوار"

نەمدەتوانی و نەمدەویست تۆ وەکوو کەمئەندام ببینم و هەمیشەش ئەو پرسیارە دڵئازارەم لە چاوەکانت پاک دەکردەوە. دڵخۆش دەبووی، خۆشحاڵ، چوار دەستوو پێ، خزۆک بە سەر سینەی مافورەکەوە خۆت دەگەیاندە دیوار و بە دەرگاوە هەڵدەڕوسکای و قژەکانمت لە ئاڵقەرێزی دەرگا رزگار دەکرد، من هاوارم بەرز دەبوو" ئای " و دەنگی پوورم دەهات: چییە دیسان؟ و تۆ پێدەکەنی، بەزۆر خۆت بە دەرگاکەوە رادەگرت چاوەکانت دادەخستن من دەمکوت (ئەهااا چاوت کووژاندونەوە) تا ماوەیەکی زیاتر قژەکانم لە ناو پەنجەکانت ناز بکەی، پێدەکەنی و هەوڵ دەدەیت ئاڵقەرێزەکە ماچ بکەیت یا قژەکانی من؟! تۆ نەتدەزانی من بە ئانقەست بە ژێر ئەو ئاڵقەرێزە ژەنگ هەڵاتووەی درگاوە تێدەپەڕم تاکوو، ببێتە بەهانەیەکی شادیهێنەر بۆت و زیاتر هەست بە بوون بکەیت. یەکەم جار کە گرفتار بووم تۆ بە سەختی توانیت رزگارم کەی. ژورەکەت پەنجەرەیەکی شینی ئاسمانی هەبوو. شەوانە کاتێک خەم وەکوو حەزێک دەهات و دانی تیژی دەخستە هەناسەت، بە چاوە گەورەکانت لێمت دەویست تماشات کەم و ببینم کە چۆن بەزەحمەت تای پەنجەرەکە دەکەیتەوە و جریوەی مانگی حوزەیران

دێنیتە سەر دۆشەکە مۆشەمایەکەت. سەرسامی ترووسکەی مانگ دەبووی، هەر ئەو جۆرەی سەر سامی من. هەروا کە چوار مەشقی لەسەر جێگەکەتدا دادەنیشتی، چەند باڵنج و سەنیرم لە دەورت وەکوو دیوار دەچنی کە پێم دەکوت دیواری چین. بەرەنگاربوونەوەت لە گەڵ خەم بێ بڕانەوە بوو. پەنجەی دەستت بەرزدەکردەوە و لێت دەڕوانی، گەورەتر ببووی، دەستەکانت گەورە ببوون، ئارەزوەکانیشت گەورە ببوون و خەمەکانت جەرگمیان دەگوشی، نیگات پڕ دەبوو لە: کەی؟ کەی؟! و دواتر بەیەکەوە دەکەوتینە گریان.

- ئەورۆ بەیانی پێویستم بوو لەسەر جێگەکەم چاو هەڵێنم وتۆ لە ژێر بارستایی ئەو هەموو زەمەنە دوورەوە دەرکێشم و بتهێنمەوە ژووری پەنجەرە شینەکە، نەوەکوو ژووری خەوەکەم. ژووری برا سمێڵ گەورەکەت.

سمێڵی کاکەت ئەوندە گەورە بوو کە هەموو شتێکی لە دوواوەی خۆی حەشار دا، تەنانەت تۆ و من و دیواری چینیش.

- خۆشت دەویست؟! ها ؟! بۆچی نا، خۆشت دەویست. کاتێک دەهات بەو بەژنە دوور و درێژەیەوە لە دەرگا چکۆلەکەوە دەچماوە و سمێڵی پێش خۆی دەکەوت، من فەریای ڕاکردن نەدەکەوتم، تۆ بە سیلەی چاوت پەنات دەدام تا لە دیواری چین سەرکەوم.

- ئەو ڕۆژە هەورێکی تۆخ لە ئاسمانەوە سەیری مەلیچکە دڵ چکۆلەکانی سەر لێواری پەنجەرەی ژوری تۆیان دەکرد، من دانەی وردی ترسەکانم لە کۆشی کراسە مۆرەکەم دەکرد و خۆم لە پەنایەک دەشاردەوە تاکوو ئەو بە ئێشتیای خۆی لە پشت دیوارەکەمانەوە باوەشت کات و لاقی باریک و وشک هەڵاتووت لە نێو قەدیەوە ئاوێزان بکات و دووکەڵی سیگارەکەی، فوو کاتە نێو گلارەی نیگات کە هێشتاش لە من دەگەڕا. بەردەوام ملت بۆ لایەک لار ببوو و خاڵێکی ڕەشیش لە بەینی دوو برۆکانتەوە بۆ وێنەی باوکت کە لە نێو دڵی لالەیەکدا ڕووابوو دەگەڕا. خۆزگە ئەو ڕۆژە دۆشەکەکەتم لە ئامێز دەکرد و دەمبرد بۆ ژووری ڕوو بە خۆری ئەو دیو شاتووەکە، کە پورم بۆ کاکەتی ڕاخستبوو. ئەو دارە شاتووەی منی جۆلانە دەدا و قژەکانمی لە حەوادا ڕادەژاند و کاکەتی شێت دەکرد. تۆ تەنیا منت دەبینی نەوەکوو ئەو کە لە پەسیوی شاتوو خۆی مەڵاس دابوو.

- سەیر کردن، سەیرکردن. تۆ چۆن ئەوەندە سەیرت دەکردم؟ تۆ زیاتر لە هەر کەسی ئەو کەونە سەیری منت کردووە. بەردەوام مەجبوور دەبووی بەو چاوە ڕەشە بێدەنگانەت دوای ڕاکە ڕاکەی من تا تاریکترین شوێن و سوچی دەور و پشتت کەوی. بریا ڕێک بەرامبەرت دادەنیشتم. وەکوو گوڵەبەڕۆژە ڕووبە خۆر، بەڵکوو ئەوندە ڕەشی و سپیایی نیگات تێک نەهاڵێن و من سەرم تێک نەچەێت، کاتێ پرسیارێ لە قەبارەی براکەت گەورەتر لە دەرگای ژوورەکەت بەڕۆکی دڵم دەگرێت.

- دوێشەو بیرم کەوتیەوە! دڵمەند مەبە، هەر چەند بە یەکجاری لە یادیشم دەرنەچووی، خۆ چل ساڵ ئەوەندە زۆر نییە. تۆ دەبێت هێشتا بەتەواوی تەواو داڕزابیت، ڕەنگە باڵات هەروا بەرز، ئەو جۆرەی لە سەر نوێنەکانت درێژ ببوویت، مابێت. حەقم پێبدە کاتێک تۆ دێنمە بەرچاو، لەوانەیە جومگەکانت هەڵوەشاوبن و لە پەنات کەوتبێتن. دەمەوێت مەودای چل ساڵەی نێوانمان لەبیر بکەم. بەتەواوی لەبیرت بکەم، نەوەکوو ئێستا کە خەریکم وەکوو خواوەند سەر لە نوێ خەلقت دەکەمەوە. ئەمیرێک بێ دیواری چین. بێ دۆشەکەڵەی موشەما...

- دان پێدادەنێم هێندێک جار من بێزارکەر دەبم، بەڵام دڵنیام ئەگەر تۆ بەو نیگایەی قژەکانمی لە ئاڵقەرێزی دەرگا دەر دەهێنا دوام دەکەوتی و لە شوێنێک بەرپێچت دەدامەوە، هەموو شتەکان یەک لا دەبوونەوە، ئاخر نەبوونی تۆ هەمووشتێکی لە کەڵک و بار خست. ئەوانەی براکەت لە دوای تۆ کردی ڕووخاندن بوو، ڕوخاندنی دیواری من و تۆش یەکەم کار.

- پوورم لە دوای تۆ، وەکوو تۆی لێهات و چوو لەسەر دۆشکەکەت دانیشت و لە

پشت دیوارەکەمانەوە نیگای بڕیە من. کاتێک دایکم بە هەنیسک دانەوە موشەمای ژێری دەگۆری و پێدەیکوت:

ئاسودە بوو خوشکم ئاسودە.

- پوورم هەوڵی دەدا وەکوو تۆ سەیری هەمووومان بکات و مۆلەق بمێنێتە دیوار و پەنجەرە شینەکە، بەردەوام کولاوە پوڵەک ڕێژەکەی خوار دەکەوت و قژە تەنک و خەناویەکانی پەنا گوێچکەی بە ئارەقەی ملیەوە دەنوسا و چاوی سپی دەگەڕا و سەیری منی دەکرد، کە کراسێکی چیندراوی سوورم لە ڕۆژی ڕۆیشتنی تۆوە لەبەردا مابوو و بە ئەقڵی کەس نەگیشتبوو پێم بگۆڕن بە ڕەش و بۆ براکەت بەجێم نەهێڵن.

- کاتێک کاکەت منی دەدواند، دەمزانی، نە خەم بەڵکو ترس و نفرەت و تووڕەیی لە چاوتدا گڕ دەگرێت. چون ئیتر مەجالی شاردنەوەی منت نەبوو لەنیگای ئەو. ئەو جارەیان دیوارەکەت زۆر کورت بوو بۆ شاردنەوەم! دوێنی شەو بیرم کەوتیەوە، نەک لە ناکاو! تۆ بە زمانی نیگات کوتبووت فریوی کاکەم مەخۆ. کوتبووت کاکە کەسێکی باش نییە و سەت قسەی نەگوتراو لە چاوەکانتا کە نەمبیستن. دواتر بڕیارت دابوو. نەمدەزانی بۆچی ماوەیەکە خۆت بەو زەحمەت و ئازارەوە دەخشێنیتە بەر پەنجەرە شینەکە؛ کە لە جاران کاڵتر ببووەوە ڕەنگی. بە بەهانەی دیتنی ئەستێرەی کاکێشان لە ئاسمان ڕادەمایت، ئیتر سەیری منت نەدەکرد و ئاگاداری دڵتەنگی و خەمی چاوەکانت نەدەمام.

- دەمەوێ مەودای نێوانمان پڕ بکەمەوە. تۆ ویستت نەکەومە ئەو بۆشاییە، بەڵام کێ دەیزانی ئەوە ڕوو دەدا؟! لای هەموان وابوو ئەوە تەنیا ڕووداوێکە، کە لە سۆنگەی تەماشای ئەستێرەوە لە شەوی بووکێنی من و کاکەت تووشی هاتووی! کاتێک جەستەی خوێناویتم دیت زانیم بۆ پاراستنی من خۆت لە پەنجەرە شینەکە فرێداوەتە خوار کە بڵێیت: مەکە! کاکەم هیچ کات ناتوانێت بێتە ئەو دیو دیوار.

✍ **خەدیجە جاوید**



Gianpiero Vezzi

## "سەرەکەی

که مردم لەباوەشم دابوو! بەربوومەوە! لە سەرەکەی! ناوی ئاڵمانی بوو کوشتمی! پاڵی پێوەنام! نێوی؟ نێوی سەرەکەیە! چا! سەرەکەی! چا نا نا، چا گەرمە! وەی! وەی وەی وەی وەی بەربوومەوە! سەرەکەی خۆشە؟ خۆشە خۆشە خۆشە! چم کوت؟ ئەها! سەرەکەی! کێوەکە نێوی سەرەکەیە! نێوەکەی هیچی... با تێدایە! کووپەی تێدایە، زێڕی تێدایە! سەرەکەی کووپەی زێڕی تێدایە! سەرەکەی نا، نێوەکەی! نێوەکەی نا نا، نێوەکەی سەرەکەیە، نێو نیوەکەی دەڵێم! نێو سەرەکەی! نێو سەرەکەی نا، نێو نێوی سەرەکەی! زێڕی تێدایە! بتبەم؟! لێم نەبەی! لێتبەم، لێم نەبەی ناڵێم! زێڕەکە دەڵێم، لێم نەبەی! هەزار و حەوسەت و هەژدە ساڵە، تێیدایە! لە زگی دایە، دایە گیان! دایە! دایە دایە دایە! ئەرێ چم کوت؟ ئەها زێڕی تێدایە! دایە، دایە، نا نا دایە نا! تێیدایە! تێی تێی تێی... ئاڵمانی بەربۆوە، ئەو مرد، من زیندوو بوومەوە. لەسەرەکەیم برد، نا سەرەکەیم لێ برد، نا نا سەڕەکەیم لێ لابرد. زێڕەکەم شاردەوە! بت بەم؟ لێم نابەی؟ لێت بەم! خراپ حاڵی نەبی! ئەمن تارە مردووم! نامهەوێ، بۆخۆت! هیچ نییە لێم بەرە! لە سەرەکەی لێم بەرە! نا نا سەرەکەیم لێ بەرە! نچ! لەسەرەکەیم لێ لابەرە! زێڕەکە بۆخۆت، ئەما بمنێژە! با گیانم خەڵک تێی نەدا! بە تێی دەستەدار!

**✍ ناسر فەتحی**



📷 Jerome

## "تابلۆیەکی ناتەواو"

چاوێکی لە مەنجەڵەکەیە و چاوێکی لە مۆبایلەکەی سەر مێزەکە. بەپەلە قاپەکان دەشۆرێت و لە چێشتخانەکە دێتە دەر و بەرەو مێزی پەنای مۆبلەکە دەڕوات. مۆبایلەکەی هەڵدەگرێت و درێژە بە قسەکانی دەدات:

- ڕاستە مەهاتما گاندی لە نێو چینی ڕۆشنبیر و عەوامدا نەیاری ئێگجار زۆرە بەڵام نووسراوەگەلێ کە ئێمە دەیبینین بە گشتی لە ڕاستای پشتگری لە بیر و بڕواکانی گاندیدا نووسراون، ئەڵبەت ئەم نەیارانەی ناتوانن لە پێگە و گەورەیی گاندی کەم کەنەوە.

مۆبایلەکەی لە سەر مێزە شیشەیەکە دادەنێت و لە سەر مۆبلەکە ڕادەکشێت. بۆ چەند چرکە لە نەخشی گەچبڕییەکانی بنمیچەکە وردەمێنێت. دواتر سەرنجی دەخاتەسەر دیوار و تابلۆیەکەی بەرامبەری کە بە نرخێکی گران لە پێشانگای نیوەچڵ کڕیویە. تەواوی تابلۆکانی پێشانگاکە ناتەواو بوون و بۆشاییەکیان لێهێشتبوونەوە بۆ ئەوەی بینەرەکانیان لە زەینیاندا درێژە بە تەواو کردنی بدەن. هەر جارە و سەیری تابلۆ ناتەواوەکەی بەرامبەری دەکات و تا تەواوکردنی خەو دەیباتەوە. تابلۆکە پێک هاتووە لە کۆڵانێکی درێژ و ڕێگایەکی قەمچاوپێچ بەنێو خانووەکاندا؛ کۆتایی کۆڵانەکە دەرگایەکی گەورەی قاوەیی، بۆمبەستی دەکات. لە بەردەم دەرگاکە ژنێکی قژزەرد ڕاوەستاوە کە قژی تا نێوقەدی دێت، بە پاڵتاوە سوورەکەیدا دیارە هەوای نێو تابلۆکە ساردە بەڵام ژنە قژزەردەکە لە ئەژنۆی بەرەوخوار ڕووتە. دوو منداڵەکەی هێشتا لە ژوورەکەیان نووستوون. ئەمساڵ وانەگوتنەوەی زانکۆی هەڵوەشاندۆتەوە. کۆمەڵناسی خوێندووە بەڵام دەڵێ حەزێکی زیاتری بۆ ئەدەبیات هەیە. دەڵێ: شێعر لە هەموو ساتەکانی ژیانمدا بەردەوام ڕەنگی هەیە. دەنگی کرانەوەی درگاکە لە خەوە قووڵەکەی ڕایناچڵەکێنێت. هەناسەکانی توندتر دەبێت وەک بڵێی هەستی بە بۆنێک کردبێت. چاوەشینەکانی دەکاتەوە، چاوی مێردەکەی لە پێش چاویەتی و دەوروبەری داپۆشیووە. هەردوو پێدەکەنن. دەستی بۆ مۆبایلەکەی ڕادەکێشێ و چاوێک بە لاپەڕە تایبەتییەکەیدا دەگێڕێ. ڕستەیەکی کورت سەرنجی ڕادەکێشێ.

" ئەم شێعرەم بۆ وەسفی چاوەشینەکەت نووسیووە" قاوەقاوی منداڵە سێ و پێنج ساڵانەکەی بێدەنگی ماڵەکە دەشکێنن. کەمێک دواتر هەموویان بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ لە دەوری مێزی خواردندا لە چێشتخانەکە کۆ دەبنەوە. بنمیچی چێشتخانەکە ئاوێنەیە بە جۆرێک کە تەواوی کەل و پەلەکانی چێشتخانەکەی

تێیدا دەبینرێت. مێردە پارێزەرەکەی باسی پەروەندە نوێیەکەی دەکات.

- ئەمجار لە گەڵ دۆسییەیەکی ناموسییدا بەرەوڕووم. هەمیشە لەم پەروەندانە بێزار بووم بەڵام پاڕانەوەکانی بنەماڵەی بکووژ وایکرد لە ئەستۆی بگرم. بکووژ کەسێکی خوێندەوار و پلەبەرزە، هیچ کات بیری نەکردووەتەوە ڕۆژێک کەسێک بە دەستیەوە بکوژرێت ئەویش کەسێک کە ساڵانێک خۆشی ویستووە. ژنەکە چاییەکە لە بەردەم مێردەکەیدا دادەنێت و دەڵێ: چ ڕۆژگارێکی بێبەزییە...دەنگی منداڵەکان لە ژوورێکی ئەو سەری هاڵەگەورەکەدا دێت. لە سەر مۆبلێکی کۆن و کاڵۆبوودا دادەنیشێت. لە سەر مێزەکە، چاویلکەیەک و کتێبێکی مەهاتماگاندی "گاندی ڕزگاریکەری چەوساوان" دانراوە. چەند لاپەڕەیەک لە کتێبەکە هەڵدەداتەوە. پیاوێکی تەمەن چل ساڵی سەرتاس خەریکی درووست کردنی قاوەیە. بۆنی قاوە لە ماڵەکەدا بڵاو بووەتەوە. هەوای نێو ماڵەکە گەرمە و لە دەرەوە باران دەبارێت. دەنگی ژنەکە بەرز دەبێتەوە:

- خەریکی چیت؟

- بۆنی نابیستی؟ قاوە درووست دەکەم، مەگەر نەتگوت عاشقی قاوەیت؟

- نامهەوێ من بۆ خواردنی قاوە نەهاتووم، ئەگەر قاوەم بویستایەت ڕێک بۆ کافی شاپ دەڕۆیشتم. هاتووم بتبینم. مێردەکەی درێژە بە قسەکانی دەدات.

- بنەماڵەی بکووژ ئامادەی لێبوردن یا وەرگرتنی قەرەبوو نین و سوورن لە سەر لە سێدارەدانی. پیاوەکە لە پەنای ژنەکە دادەنیشێت و چاوی دەبڕێتە چاوە شینەکانی و دەڵێ: من عاشقی چاوی شین و پێستی سوورەتیم. تۆیش ڕێک ئەو جۆرەی من دمهەوێت.

- ناتهەوێ خوڵکم بکەیت لەچکەکەم لاببەم؟

پیاوەکە قاقا پێدەکەنێت، ژنەکە لەچکەکەی لادەبات، قژە زەردەکەی بەسەر پاڵتاوە سوورەکەیدا بڵاو دەکاتەوە. ژنەکە مێردەکەی لە ئامێز دەگرێت و دەڵێ:

- نیگەران مەبە تۆ دەبێ ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەم جۆرە دۆسییانەیەیش بیت، نابێ کاریگەری لە سەر باری دەروونیت دابنێت. ژنەکە دوگمەی پاڵتاوەکەی یەکەیەکە دەکاتەوە؛ پیاوەکە دەڵێ:

- بە ڕەنگی چاوەکانتدا دەمزانی پێستت سوورەتییە. ژنەکە بە ماشێنە ڕەشەکەیەوە لە بەردەم ماڵی دایکیدا ڕادەوەستێ و منداڵەکانی لەوێ دادەنێت.

سوار ماشێنەکەی دەبێت و کۆڵانێکی درێژ و ڕێگایەکی قەمچاوپێچ. هەوا ساردە و لە کۆڵانەکە لافاو هەڵساوە.

دەرگایەکی قاوەیی گەورە کۆڵانەکەی بۆمبەست کردووە، بە نێو حەوشێکی گەورەدا دەڕوات تا بە درگای سەرەکی خانووەکە دەگات. بۆنی قاوە تەواوی ماڵەکەی پڕ کردووە. مێردەکەی گۆنای ماچ دەکات و دەڵێ: دڵخۆشم بە بوونت...ژنەکە پاڵتاوە سوورەکەی لەبەر دەکات و پیاوەکە جێدەهێڵێت. دەنگی ئاژیری ئامبولانس و پۆلیس بەرز دەبێتەوە. چەند کەس ژنێکی گەنج بە پاڵتاوێکی سوورەوە لە نێو قورئاوی ژێر پردێک لە دەرەوەی شار دەردەکێشن. مێردەکەی چاوی لە نەخش و نیگاری گەچبڕییەکانی بنمیچەکە بڕیوە...

✍ شەرمین ساڵحی



📷 Hammad Bhatti

## "دواهەمین ئاسەواری پاییز"

بۆنی گوڵە نێرگزەکانی دەمەو بەهارە لە بەردەستی دەسفرۆشێکدا لە سەرخۆم دەبات. من دڵنیام مادە هۆشبەرەکان هەر ئەوەندە هۆشی گیرۆدەبووەکانیان بردووە. بەو چەپکە نێرگزەی بەباوەشمەوە گرتوومە تەواوی ڕێگاکە سەرخۆشم. شەقامەکان و تەواوی دەستفرۆشەکان لە پێش چاوم هەڵبەز دابەزیانە. هەنگاوەکانم بەردەمم ناپێکن، بۆن بۆن بۆن... بۆنەکان گەمارۆیان داوم. هەموو شتێکم بۆنی کۆنەبوون دەدات جگە لە کیفە کۆڵییەکەم کە تازە بۆ قوتابخانەم کڕیوە. تەنانەت دەفتەرەکانیشم ڕەنگی ڕووبەرگەکانیان ڕۆشتووە و نیوەی لاپەڕەکان وانەی ساڵی پێشوومی تێدا نووسراوە. ئاخ چەندە جێمیدادییەکەی سارە جوانە، ئەو قژیان چەتری بۆ قرتاندووە و بە سەر تەوێڵیا دایانهێناوە. لە بیرم نەچێت بە دایکم بڵێم قژی منیش وا لێبکات. قەڵەمەکەم تەواوی زستانەکانی ئەرشیف کردووە. قژەکانم دەخەمە یەک لا، ئاوا باشتر لە ڕوخسارم دێت. دەنووسم هیچ وەرزێ ڕازیم ناکات، تەنانەت پاییزێ کە شیشەی پەنجەرەی ژوورەکەم دەشکێنێ و دڵتەنگی تۆپی یاری کوڕە دراوسێکەمانم دەکات. من چەمەدان بەدەست لە پشت درگایەک ڕاوەستاوم کە ڕوو بە دەرەوە و شارێک، کە جگە لە من کەسی تێدا ناژی و پیادەڕەوگەلێ کە سەدان جارم پێواوە، کراوەتەوە. ڕق بەهێزترە و من بێجگە لەوە هەستم بە هیچ کەسێک نەماوە و قژی ئاڵۆزی هیچ شێتێک سەرنجم ڕاناکێشێت. قژم لە دواوە کۆدەکەمەوە. دەنگێک بە وێنەی کزەبایەکی فێنکی دەمەو ئێوارە پێستم نەوازشت دەکات. هۆشبەرێک کە بێوادە ئارامم دەکات، لە گوێمدا هات و چۆیەتی. لێرە لە کەناری شەقامێکا ئەسپەناخی کوڵاو بە ئاویلیمۆوە دەخۆم. مێنۆی ڕێستوورانەکان گۆشتی مانگای تێدا نییە و من دەمێکە گیاخۆرێکی چاکم لێدەرچووە. جارێک بابم تەواوی پارەکانی ژمارد و کاتێ هاتەوە باوەشێک ڕۆژنامە و نانی لە گەڵ خۆی هاوردبووەوە؛ ڕۆژنامەکە لاپەڕەی سیاسی نەبوو و من دەستەوستان بە دوای شاعیرە سیاسییەکاندا دەگەڕام، دواجار تەواوی لاپەڕەکان ببوون بە شێعر و سیاسەت لە وشەکانیان دەچۆڕا؛ دەرگای ڕۆژنامەکە داخراو و تەواوی شاعیرەکان دەستبەسەر کران.

لە تیترەکان ڕاماوم، بابم ڕۆژنامەکە دەکاتەوە، کبابەکانی گەورە و بەتامن. بابم پارووەکانی زۆرتر لە هیچ پڕ کردووە، پارەکانی نەیانزانیووە ئێمە چەند منداڵین. دەنگی پشیلەکەیشمان بەرز دەبێتەوە، دایکم نانەورتکەکانی بۆ دەبات، دوایین میاوی پشیلەکە لە گوێمدا دەزرینگێتە و بە پرتاو لە پەنای سەگی هاوڕێی موزیک ژەنە سەرشەقامیەکەوە تێدەپەڕێ. پشیلەکانی ئێرە لە خۆڕازین، ئەوەندە کە سەریان ناکەن بە نێو تەنەکەی زبڵی هیچ

کەسێکدا. سەگەکانیش هەست بە بەرەڵڵایی ناکەن. ئەوان شەقامەکان بە پیاسەوە دەپێون... ڕۆژێک دراوسێکانمان کۆببوونەوە و بڕیاریاندابوو لە گەڵ سەگەکاندا بەشەڕ بێن. دەیانوت شەوانە خەومان لێدەزڕێنن. سەگەکان دەبێ بکوژرێن. سەگی هاوڕێی موزیک ژەنە سەرشەقامەکە، کەمێک ڕادەوەستێ و لە من ورد دەبێتەوە. موزیک ژەنە سەرشەقامییەکە سەرمای یەکشەممەکان دەژەنێ و تماشاوانە عاشقەکان دەستی یەکتر زیاتر دەگووشن. کەس ئاگاداری شادی یان خەمیان نییە و من بە شێوەیەکی گەمژانە بە سەر گەڵاکاندا هەڵدەپەڕم. هەر چەندە هەنگاوەکانم قایمتر هەڵدەگرم گەڵاکان خشەیان لێوە نایەت، گەڵاکان ئەورۆ بوون بە خۆڵەمێشێکی بێڕەنگ و باران نائاگا دوایین ئاسەواری پاییز، تا جۆگەلەکان دەشۆرێتەوە. چاوم دەخەمە سەر سەنگفەرشی پیادەڕەوەکان، نەکا چاوم سێبەرێ بە دوای خۆیدا بکێشێت. قژم دەگەڕێم دەزانم هەرکات قەڵەمەکەم ون دەکەم لەوێ دەیدۆزمەوە. سەگەکە لەوانەیە بزانێت نیگام بە یەکشەممەکانی ئێرە غەریبە؛ لێرە بێگانەکان زوو دەناسرێنەوە. ناتوانم چاوەکانم بکەمەوە، ڕووناکی ئێرە بە شەوارەم دەخات. سەگەکە سەردادەخات و وەدوای موزیک ژەنە سەرشەقامیەکە دەکەوێت و منیش تەنیاییم بە پیادەڕەوەکاندا پەلکێش دەکەم.

✍ **شەرمین ساڵحی**

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!
٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌́◌̄ ◌̄,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ٭]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) بیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"
ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)

ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،
١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرج بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بە تامر چیرۆک

## ▪ بڕست:

لە کتێبی "کاروانی خەیاڵ" نووسراوی مامۆستا "هێدی" هاتووە: کابرایەکی بێهونەر لە گوندەکەمان مرد. چوون سەردولکەبێژ [ژنێ کە مردوو دەلاوێنێتەوە] بێنن پێیدا هەڵبڵێ. سەردولکەبێژ کوتی: وەڵا نایەم، جا من بێم بە کوێیدا هەڵبڵێم؟ ئاخەر سوارچاکی چاک بوو، وەستای چاک بوو، دەنگ بێژی چاک بوو؟! وەڵا نایەم.

## ▪ سەلاح مورتەزا:

لەو چەند ساڵی ڕابردوو کە بازارچەکانی خانێ(پیرانشار) لەبەر حەشامەت هەر جمەیان دەهات و شارەکە بووژانەوەی باشی بەخۆوە دیتبوو، دوو برادەر پێکەوە دووکانێک دادەنێن. ئەویش هەر کڕیارێکی شتوومەک دێ بۆ کڕینی کەلوپەلی ماڵێ، کامیل تەڵاق لەسەر نرخەکان دەخوا. پاش قەدەرێک ئەوجار بە نێوی قادری شەریکی دەست بە تەڵاقخواردن دەکا؛ هەرسێک تەڵاقی قادری کەون ئەوەندە خێرێ دەکا، هەرسێک تەڵاقی قادری کەون ئەوەندەی پێ دراوە و ... . ئاخری ڕۆژێک قادری شەریکی تووڕە دەبێ و دەڵێ: کاکە بۆ تەڵاقان بە نێوی من دەخۆی؟ بۆ بە هی خۆت ناخۆی؟

کامیل دەڵێ: وەڵڵاهی مانگێکیش دەبێ تەڵاقی خۆم خەڵاس بوون، ئە لەبەر ئەوەی!

دەبێتە فشە و وازی لێ دێنن.

### ▪ ڕێبوار – بۆکان:

سەعیدی بۆنگاچی دەیکوت: نیمچە جحێڵێک بووم، تازە خەتم دابوو، هیچی وام نەدەزانی. لــە خــوێــنــدن گــێــڕابــوویــانــمــەوە و نــاردبــوویــانــمــە کــرێــکــاری. دوای ســاڵێک شــاگرد بەننایەتی، چوومە کن وەســتایەکی دیکە و لەوێش هەر خشــتم بۆ بەننا هەڵداویشــت. وەســتای ئەمجارم زۆر پیاوی چاک بوو هەمیشــە ئاوای بانگ دەکردم: "دەی بابم بە قوربانت بێ، خێراکە! دەی خێراکە قەزات لە ماڵم! دەی زووکە لە منت کەوێ و هتد." دوای دوو ڕۆژ کارکردن بە وەســتاکەم کوت: بێبەڵا بی، کار چۆن وا ڕادەپەڕێ؟ ئەویش کوتی: ئەدی کار چۆن دەکرێ بابی بابم؟! منیش کوتم: ئەی بۆچی وەکوو ئەو وەستایەی پێشووم پێم ناڵێی"دەی سەگباب خێراکە! دەی قەحبەباب با خشت بێ! دەی لە دایەت بەم دەســت هەڵخە؟!" کوتی: کوڕە چۆن شــتیوا دەبێ؟ بۆچی پێت وایە وەســتا هەموویان دەبێ هەر بە جنێوان کار ڕاپەڕێنن؟ خۆ هیچ بەننایەک حەقی نییە جنێو بە شاگردی خۆی بدا. منیش کە لێم حاڵی ببوو قسەی وەستا ڕاستە و دنیا چ باسە، ئەمجار دڵم ئەوەندە لە وەســتای پێشــووم پڕ ببوو کە دەمویســت بچم داخی ئەو هەمووە جنێوە ناحەقەی پێ بڕێژم، بەڵام ئێوارێم لێ هەر دانەدەهات!

### ▪ ئازاد ـ سەردەشت:

لە یەکێک لە دێیەکانی سەردەشت برادەرێکی ڕاننده تاکسی بە قسەی خۆی دەیهەوێ پیاوەتی لەگەڵ بێوە پیاوێک بکا، دەڵێ: فلانی ئاگادارم بە شــوێن ئەوەی دووبارە ژن بێنییەوە و لە عافەرەتێکی ڕێکوپێک ئەگەڕێی. من بێوەژنێکی زۆر جوان و لەبارم پێ شک دێ، ئەگەر پێت خۆشە بچین ببینین شایەد قسمەتتان پێکەوە بێ. بۆ تۆش باشە و بۆ ئەویش. قەرار دادەنێن و ڕۆژێک ئەچن بۆ دیدەنی عافرەتە و ئەویش زۆر بەگەرمی لە دەورەیــان دێ و دەچێ و خۆی ڕادەنوێنێ. چــاییەک ئــەخۆنــەوە و لــە مــاڵی عــافرەتەکە وەدەرئەکەون. لە ڕێی گەڕانەوە، کابرای ڕاننده تاکسی ڕوو دەکاتە کابرا و دەڵێ: دەی کاکە پێت چۆن بوو، داخوا بە دڵت بوو؟

کابرا دەڵێت: جا ئەوە کوا ئاوا مەعلووم دەبێ؟ من ئاوا لێی حاڵی نیم، ئەبێ تاقی کەمەوە!

کابرای ڕاننده دەڵێ□: بڕۆ هەی سەگباب! بۆ تاپڕ دەکڕی دەتهەوێ بەتاقی کەیەوە؟!

▪ خدر محەممەدی ـ پیرانشار

## تەزاوڕاتی کوڕان!

"مەلا سەید مرادی بەرزنجی" گێڕایەوە: ساڵی ٨٢ی هەتاوی، لە یەکێک لە دێهاتەکانی بەری مێرگان مەلا بووم. ڕۆژێک مانگی سەرماوەز و پێش نوێژی شێوان، لە ماڵێ دەستنوێژم هەڵگرت و خەریک بووم بۆ جەماعەت خۆم ئامادە دەکرد کەچی بەتوندی لە دەرگایان دا، خێرا چووم بۆ دەرگا کردنەوە. فریا نەکەوتم بڵێم فەرموو، ئافرەتێک بە هەناسەبڕکێ کوتی: "مامەستا! لەبەر ئەو کەلام و کتێبانت مرم بنگەیە! ئەگەر زوو نەبی، هەر بەو شەوەی ئامۆزاکانم دەڕۆن و هەڵوەدای هەندەران دەبن!"

کوتم: چ قەوماوە خوشکم؟

کوتی: "ئەتوو زووبە با بڕۆین بۆ ماڵە مامم، لە ڕێیە پێت دەڵێم، بە قوربانت بم!"

وەپێشی کەوتم و ئەویش دەستی پێ کردەوە: "ئەوە مامم بە پیرییە سەری تەڵاقی لە ئامۆژنم خواردوون و لە ماڵێی دەرکردووە و ئەلحان بابیشم ئەوە لە ماڵە وانە و کوڕەکانیان(ئامۆزاکانم) تووڕە بوونە و دەڵێن لەو ماڵەیدا نابین و دەچینە گەرمێنێ!" بەدەم ڕۆیشتنەوە دەستی بۆ سەربانان ڕاداشت و بە کۆڵەگرووبەوە درێژەی بە قسەکانی دا: "چا چا مامەستا گیان! ئەوەتا کوڕی دەحالەمێ لە گوێسوانان جحێڵایەتییە خۆیان دەکەن و ئامۆزای دەمنیش لەبەر ئاکاری دەمامم چەند بێ مراد و بەدبەختن ئەوە خەریکن هەڵوەدای هەندەران دەبن!"

بەدەم ئەو دەردەدڵانە گەیشتینە ماڵێ مامی (کابرای شەڕکەر). سڵاوم کرد و دوای چاکوچۆنی، بابی ئەو کیژەی لە دوام هاتبوو(براگەورەی شەڕکەرەکە) بەنەرمی ئیدامەی ئامۆژگاری و بەسەرڕۆیشتنی براکەی کە ٦٠ ـ ٥٥ ساڵی تەمەن دەبوو، دایەوە: "عەزیزی من، چاوی من، ئەوە مامەستاش تەشریفی لێرەیە، ئەتوو تازە حەمرێکت ڕابواردووە، کوڕت هەموو پیاون، چۆن لەگەڵ ژنێ بەشەڕ دێی و تەڵاقیی لێ دەخۆی؟! خۆ سە بە ژنێ ناوەڕن!"

ئەمنیش خۆم دا سەرچۆکان و کوتم: "قەزییە چیە کاکە؟ شەڕی چی؟" هەموویان سەریان بەردایەوە و کابرای شەڕکەر کە عادەتەن پیاوێکی قسەلەڕوو بوو، هەڵی دایە: "مامەستا! بانگی محەممەدی بە ئاشکرایی خۆشە! ئەمن مانگ و نیوێک ـ دوو مانگە دەسنوێژم لە

قەحبەدایکێ خۆ(خێزانی) نەشکاوە! دوێنێ لە پاشنوێژێڕا دڵخۆشیم داوەتەوە و بەڵێنیم پێ داوە ئەگەر مەیلی بێ، بیبەمە شاری و سەردانی قەوم و قیلانی پێ بکەم و جووتە گوارە یەکیشی لەبۆ لە گوێی بکەم و...!"

کاکی قسەی پێ بڕی و کوتی: کوڕە لێوەبڕە لێ! ئەتوو داناڕزی!؟ ئەوە کەری کوێی؟! ئەویش ئیدامەی دایەوە: "لە عەیبە و مەیبەی چۆتە دەر! جا مامەستا، بێجگە لەو بەڵێنیانەش هەستاوم شریت و مریتی حەیران، لاکۆ، قام و مامی دنیایەم لەبۆ هەڵکردوون، ئەویش گوێی بەرداونەوە و ئەشتەقە دەنگی لەبەر نەهاتوونەدەر! ئەمن وەمزانی ڕازی بووە و شەوێ ڕێیە کاروانم دەداتێ! بەڵێ... شەوێ کوڕ چوونەوە دیوی خۆیان، ئەمن و قەحبەدایکیش لە خوارێ چران کووژاندنەوە، هێندێکم خۆ گنخاند هەتا کوڕ لە سەرێ بێدەنگ بوون. هەستام دەستێکەم گەیاندە لاقانی و چما بە هەموو کەیفێ خۆی لووشکەیەکی لە سینگی نەدام! بە قوڕحانی لێت خوێندووە وەمزانی خانووم بەسەردا ڕووخا! دنیایە دیم بە چاوی دەخۆ دی! ئەمنیش نەمکردە نامەردی و دایگژامێ، لەگەڵ ڕەپەڕەپ و زیڕەزیڕێی، کوڕەکان داپەڕینە خوار و تەزاوڕاتیان لێ کردم! ئەمنیش تەڵاقم لێ خوارد و هەر بەو شەوەی وەدەرم نا؛ دەی مامەستا ئەتوو دینت ناحەقم؟... ها...؟!"

کوتم: کوا، خێزانت لە کوێیە؟

یەکێ لە برازاکانی کوتی: "وەڵڵا ئەوە لە ماڵە مەیە."

کوتم: بڕۆن بیهێننەوە.

شەڕکەر هەڵی دایە: "نانا... نابێ مامەستا، تەڵاقم خواردووە!"

کوتم: تەڵاق خواردن لە توورەییدا چ نییە! بڕۆن بیهێننەوە. ژنەیان هێنایەوە؛ لەشەرمان لێچکەیەکی لە دەم و لووتان وەرپێچابوو. لە خوارەوە دانیشت و سەرەی لە قالان نا. بەخێرم هێنایەوە و دەستم کرد بە ئامۆژگاری و نەسیحەت کردنیان و بە ییوایەت و حەدیساندا چوومە خوار! کەڵەبابی شەڕکەر، ڕشتەی ڕیوایەتانی لێ پساندم و کوتی: "کوڕە مامەستا! دەقودۆغر پێی بڵێ هەتا لەنێو دوو بەردانم دەنێن ئەمن هەر دەمهەوێ و بێ کاروان ناژیم! تەزاوڕاتی کوڕانیشم بە شەو و نیوەشەوان لێ بکاتەوە، زیناحم لەگەڵ دایکێ خۆ کردبێ یان دەیکوژم یان سێ بەردانی وێدەدەم!"

خێزانیشی کە ڕەنگە ٤٥ ـ ٤٠ ساڵ دەبوو، لەبن لێچکەیدا بە بۆڵەبۆڵەوە کوتی: "پیرەسسە! سیخی لە قوونێی سپی بوونە و لاقی لە سەر لێوی قەبرییە، هیچیشی پێ حەیب نییە!" کەڵەبابی جەنگی دەرهەڵبۆوە: "ها...! کوڕە مامەستا ئەو سەگبابە، شێڵووی دڕاوە! ئەوەتا دیسان کافرم دەکا، مامەستا! پێی ناوێ، ئەگەر لەسەر دەستی توو قەولم پێ دەدا باشە، دەنا دایکێ خۆم گابێ وەک مار سەری پان دەکەمەوە!" خوا یەدی دام و لەسەر دەستی من پێک هاتنەوە و باش بوو جەماعەتەکەشن نەچوو!

- **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"




Miss World